# پزیشکیان: ئاگربەست لە لوبنان مەرجێکی سەرەکی پێشنیارەی 10 خاڵییەکەی ئێرانە



مەسعود پزیشکیان، سەرۆك کۆماری ئێران رایگەیاند، ئاگربەست لە لوبنان، مەرجێکی سەرەکی پێشنیارەی 10 خاڵییەکەی تارانەو جەختیشدەکاتەوە کە وڵاتەکەی بەتوندی وەڵامی هەر دەستدرێژییەك دەداتەوە.

مەسعود پزشکیان، سەرۆك کۆماری ئێران لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ محەمد شەهباز شەریف، سەرۆك وەزیرانی پاکستان رایگەیاندوە، هەنگاوەکانی ئێران بۆ قبوڵکردنی پێشنیاری پاکستان بۆ ئاگربەست، سەرەتای چەندین پێشینەی پێشێلکردنی بڕیارەکان و پێشێلکردنی یاسا نێودەوڵەتییەکان لەلایەن ئەمریکاوە، نیشاندەری هەڵوێستی بەرپرسانەی ئێرانە؛ وڵاتانی ناوچەکە و جیهان دەبێت ئەم دڕندەتییە بقۆزنەوە بۆ فشارخستنە سەر دەستدرێژیکاران تاوەکو هەڕەشە ستراتیژییەکانیان دوبارە نەکەنەوە.

بەپێی میدیای ئێران پزیشکیان جەختی کردنەوە کە ئەم هەڵوێستە مەرجدارە بۆ پابەندبوونی هاستقینەی لایەنە نێیارەکان بۆ بنەماکانی دانوستان و پابەندبوون بۆ بڕیارەکانیان.

سەرۆك کۆماری ئێران ئیدانەکردنی چەند حاڵەتێکی پێشێلکردنی ئاگربەستی کردووەو رایگەیاندووە، ئێران بەتوندی وەاڵمی هەر دەستدرێژییەک دەداتەوە.

پزیشکیان ئەوەشی خستەڕوو، ناسەقامگیریی لە گەرووی هورمز و کێشەکانی ئەنجامی ڕاستەوخۆی دەستدرێژیە سەربازییەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل زایەڵەیە، و دابینکردنی ئاسایشی ئەم ڕێگەیە ئاوییە گرنگە بەستراوەتەوە بە ڕاگرتنی تەواوەتی ئەم دەستدرێژیانە.

هەڕەشەکانی جەختیشی کردەتەوە کە ئێران تەواوی پشتیوانییەکانی خۆی وەک چوارچێوەیەک بە ڕاگرتنی جەنگ ڕاگەیاندوە، کە یەکێک لە مەرجە سەرەکییەکانی چەسپاندنی ئاگربەستە لە لوبنان.

بەپێی میدیای ئێران لای خۆیەوە شەهباز شەریف، سەرۆک وەزیرانی پاکستان، جەختی لەسەر پێویستی پابەندبونی هەموو لایەنەکان بە ئاگربەست کردەتەوە و ڕایگەیاندوە، هەڕەشەکانی ئیسرائیل بە سەر لوبنان، وەک بەشێک لە لەکتگەیشتنەکە، دەبێت دەستبەجێ ڕابگیرێن.

شەهباز شەریف هەروەها جەختی لەسەر ئامادەیی ئیسلام ئاباد کردەتەوە بە هەماهەنگی لەگەڵ هەموو وەاتانی ناوچەکە بە مەبەستی بەرەوپێشبردنی ئاشتی، سەقامگیری و ئاسایش لە کێنداو و ناوچەکەدا.